## گۆنا عەلی :

# هەندێک یانە هیچ بایەخـ

**گۆنا عەلی یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و کاپتنی یانەکەیە لەیاری تۆپی بالە، گۆنا لە دایکبووی ١٩٨٩ی شـــاری ســـلێمانیە و قوتابی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی بازرگانیە و یاری بۆ یانەکانی هەڵبجەی شەهید**

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان؟**

- ئەوەی راســـتی بێت وەرزشی ئافرەتان لەمساڵە لەچاو ساڵانی پێشتر لەکوردســـتان پێشـــکەوتووە، بەڵام هیوادارم ئاستەکە زیاتر پێش بکەوێت.

*** ئایا یانەکان بایەخ بە ئافرەتان دەدەن؟**

- لەلایـــەن هەندێك یانە هیـــچ بایەخێك بە وەرزشی ئافرەتان نادەن، ئەمەش لەبەر نەبوونی ماددە، چونکە ماددە هەموو شتێکە، ئەگەر پـــارە هەبێت تەئکیدم کە تیپی زۆر بەهێز و تۆکمە لە کوردستان دروست دەبێت.

*** بۆچـــی ئافرەت بە کەمـــی روو لە وەرزش دەکەن؟**

- چەنـــد هۆکارێك هەیـــە، کە گرنکتریـــان بۆ بـــاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، لە کوردستان یاریزانی کچی زۆر باشمان هەیە، بەڵام بەهۆی دابونەریتـــی کۆمەڵایەتی کچـــەکان روو لە وەرزش ناکـــەن و هەروەها





# ...ێک بە وەرزشی ئافرەتان نادەن

**و پێشمەرگەی سلێمانی و چەند یانەیەکی تر کردووە، لەهەمان کاتدا یاریزانی تێنسی سەر مێز بووە دواتر رووی لە یاری بالە کردووە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم کچە یاریزانە ئەنجام بدەین.**



دایك و باوك رێگە بە کچەکان نادەن بچنە دەرەوەی شارەکەی خۆی یاخود کوردستان، بەڵام سوپاس بۆ خواماڵەوە هیچ رێگر نینە لە بەردەمم بۆ ئەوەی وەرزش بکەم، بەتەواوی بەشداری گشت پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دەکەم.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی وەرزشی ئافرەتان پێشبکەوێت؟**

- دەبێت یانەکان زۆر بایەخ بە ئافرەت بدەن و هەروەها هەموو شتێکیان بۆ دابین بکرێت و ئاسانکاری بۆ وەرزشوانە کچەکان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن روو لە وەرزش بکەن.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی تۆپی بالە لە کوردستان؟**

- ئاستی تۆپی بالە لە کوردستان مام ناوەندییە و دەبێت لەساڵانی داهاتوو زیاتر بایەخی پێبدرێت بۆ ئەوەی پێش بکەوێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم لە کوردستان وەرزش زیاتر پێش بکەوێت و بایەخی پێبدرێت.








بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021
Email: sport@gulan-media.com



# کۆنفرانسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوەچوو

بەمەبەستی جێبەجێکردنی کار و چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ولەژێر ناونیشانی (با بەهەمووماں تۆپی پێی کوردستان دەوڵەمەند بکەین) کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ئەنجامدا، کە باس لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکانی وەرزی ئەمساڵی تیا کراو ئامادەبووان راو بۆچوونی خۆیان ئاڵوگۆڕکرد و ستافی وەرزشی گوڵان ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوو و ئەم راپۆرتەی ئامادەکرد.



**(سەرکار عەلی خان) جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وتی:** ئەنجامدانی ئەمجۆرە کۆنفرانسانە سوودێکی زۆری دەبێت. ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان حەزمان نەکرد هەموو بڕیارەکان لەگشت خولەکانی کوردستان بەخۆمان بدەین، پێمان باش بوو هەموو لایەك لەگەڵمان بەشداربن لە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکەو پێشنیار و بۆچوونەکانی هەموولایەك بەهەند وەربگیرێت. ئێمەش یانەکانی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆ و راگەیاندنەکانمان بۆئەم کۆنفرانسە بانگهێشت کرد، بۆئەوەی بزانین چ پێشنیارێکیان هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆنفرانسەکە. بۆئەوەی لەخزمەتی وەرزشی کوردستان بین. ئێمە ساڵانە بەردەوام دەبین لەئەنجامدانی کۆنفرانسی لەمجۆرە بۆ پێشکەوتنی وەرزش و وەرگرتنی پێشنیارەکانی بەشداربووان، ئەمە دووەم ساڵە ئەمجۆرە کۆنفرانسانە ئەنجامدەدەین و هەوڵیش دەدەین هەموو ساڵێك بەردەوام بین.

**(سەلاح محەمەد کەریم) ئەندامی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وتی:** بەبۆچوونی من ئەم کۆنفرانسە شتێکی زۆر باشە، هەرچی

خاڵی لاوازی خولی نایابی کوردستان هەبوو خرایە روو، بۆئەوەی زیاتر خولەکەش بەهێزتر بێت.
و پێداچوونە بۆ کارەکانیان بکەین. دەستەی گشتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پێشنیاری باشیان پێ بوو، لە کۆنفرانسەکە خاڵی باشی تێدا بوو، بۆیە بەمجۆرە کۆنفرانسەکە سوودمەند دەبێت، وەکو ئەندامێکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پیرۆزبایی لەیەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم. کارەکانیان لە خولەکانی خۆیان بەباشی ئەنجامداوە، بەڵام هەموو خول و پاڵەوانەتیەك بەبێ خاڵی لاواز نابێت. گرێدانی ئەم کۆنفرانسەش چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات.

**(سەردار سالح)راهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی وتی:** کۆنفرانسەکە زۆر بەباشی بەڕێوەچووە، هەرچەندە هەندێك کەموکوڕی تێدابووە لەسەر کێشەی یانەکان، کە هەندێکیان حەز دەکەن یاریزانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە خولەکە بەشدار بن و هەندێکیش بە پێچەوانەوە. بەشداری نەکردنی یاریزانی بیانیش بۆ خولەکە سوودی تایبەتی دەبێت بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی کورد، بەڵام ئەگەر یاریزانانی عەرەب بهێنین، ئەوە هیچ یاریزانێکی کوردی خۆمان پێناگات، سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە ئەگەر هەموو ساڵێك بکرێت کارێکی زۆر باشە بۆ دیاریکردنی کارەکانیان لەماوەی ساڵێك.

**(د.محەمەد سەعید) سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ لقی دهۆك وتی:** بەر لەئەنجامدانی هەرکارێك، کۆنفرانسێکی لەمجۆرە بکرێت کارێکی باشە، ئەو گلەیی و گازاندانەی هەیە لە کۆنفرانسێکی لەمجۆرە و تەواوی کێشەکان چارەسەر بکرێت و دوای ئەمەش چارەسەری تەواویش بۆ یانەکانی دۆزرێتەوە بۆئەوەی خولەکانیان بەبێ کێشە ئەنجام بدرێت. ئەوانیش کار و بەرنامەی خۆیان لەسەر کاغەز بهێننە نووسین.
لە کۆنفرانسەکەش شتی زۆر باش باسکرا لەسەر چۆنیەتی بۆندی یاریزانان و چەندین بابەتی گرنگی تر بەتایبەتی بۆندی یاریزان کە تێدا پشتگیری لە یاریزانان کراوە دووربن لە هەموو کێشەیەك. سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین بۆ ئەم کۆنفرانسە، هیواداریـن ساڵانە ئەمجۆرە کۆنفرانسانە بەردەوام بێت بۆ پێشکەوتنی خولەکان.

**(سەمیر بابۆ) راهێنەری یانەی هەولێر گوتی:** هەر کۆنفرانسێك کە ئەنجام دەدرێت، شتی نوێ و بیری نوێی تێدا باس دەکرێت کە لەمەوپێش باس نەکراوە. کۆنفرانسیش بۆ ئەوەیە تاکو گوێ لە هەموو لایەك بگیرێت، ئامادەبوونی هەندێك لە دەستەی کارگێڕی و دکتۆرەکان شتێکی باش بە کۆنفرانسەکە دەبەخشێت، گرنگ نییە هەموو پێشنیارەکان لەمجۆر کۆنفرانسە جێبەجێ بکرێن، هەندێك پێشنیاری لابەلا هەبوو کە بەرژەوەندی تایبەتی تێدا باس کرا، ئەویش لە بەرژەوەندی گشتی نییە. وتیشی پێم باشە کۆنفرانسی لەمجۆرە بەردەوام بێت، بۆئەوەی بەرهەممان هەبێت. لەمجۆرە کۆنفرانسانە ئەگەر سەدا پەنجاش لە پێشنیارەکان جێبەجێ بکرێت، لەبەرژەوەندی تۆپی پێیە.

**(ئیبراهیم قاسم) سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی تۆپی پێ وتی:** پێم باشە ساڵانە دوای کۆتایی هاتنی هەر خولێك باسی سلبیاتەکانی خولەکان بکرێت. لەدوای خولەکەش ئەمجۆرە کۆنفرانسانە بکرێتەوە و ئەو کەموکورتیانەی هەیە چاك بکرێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم خولە بۆئەوەی لە وەرزی نوێ هیچ کێشەیەك نەبێت، وتیشی ئەم کۆنفرانسە سوودی زۆری دەبێت، هیواداریشم ئەم کۆنفرانسانە ساڵانە ئەنجام بدرێت بۆئەوەی دەست بخرێتە سەر برینەکانمان، بۆئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بەهەموو لایەکمان بەیەکەوە بتوانین چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.

**(عیمادقادر)ی رۆژنامەنووس وتی:** بەراستی بەستنی کۆنفرانس کارێکی باشە، لەم کۆنفرانسە پێشنیاری باش کرا بۆ بەرەوپێشچوونی رەوشی وەرزشی تۆپی پێی کوردستان، بەهیواشم هەموو ساڵێك کۆنفرانسی لەمجۆرە ببەسترێ بۆ ئەوەی وەرزشی تۆپی پێی کوردستان زیاتر بەرەوپێش بچێت.



د.مەحەمەد سەعید



سەمیر بابۆ



ئیبراهیم قاسم

# بۆچی جەماوەری کوردستان گرنگی بەخولی ناوخۆ نادەن

### هاندەرێك: تائێستا یاریگای شەهید فەرەنسۆم نەبینیووە!

لەهەر وڵاتێکدا خەڵکی گرنگیەکی زۆر بەخولی ناوخۆی وڵاتەکەیان دەدەن و پاڵپشتیان دەکەن و لەیاریگاکان ئامادەدەبن بۆ هاندانی ئەو یانەیەی کە دەیانەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام لەکوردستاندا سەرەڕای ئارامیەکی زۆر، بەڵام خەڵکی گرنگی بەخولی ناوخۆ نادەن و سەیری ناکەن و نابنە پاڵپشـــیی یانەکان لەیارییەکاندا، خەڵکی کوردســـتان ئەوەنـــدە گرنگی بەخولی دەرەوە دەدات، ئەوەنـــدە گرنگی بەخولی ناوخۆ نادات، ئەمەش بۆتە هۆیەك بۆ پێشەوەنەچوون و سەرنەکەوتنی خولەکان.

**(فەتحـــی قەرەنـــی)** راهێنـــەری لاوان و تازە پێگەیشـــتوانی یانەی هندرێن پێیوابوو خەڵکی کوردستان زیاتر گرنگی بەخولی دەرەوە دەدات و خولی ناوخۆ ون بووە لەکوردستان خەڵکی زیاتر باســـی ریال و بەرشە دەکات نەك خولی ناوخۆ، ئـــەو خولە ون بـــووە و وایلێهاتووە خەڵك نەزانن خولی ناوخۆ هەیە، تەنیا ئەوانەی یاریزانن یاخود راهێنـــەرن لەیانەیەك ئەوا بزانن کەخولی ناوخۆ هەیە. لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئەو راهێنەرە زیاتر هێرشی کردە ســـەر راگەیاندنەکان و وتی هیچ راگەیاندنێکمان نییە کـــەوا یارییەکانی ناوخۆ راستەوخۆ پەخش بکات، تەنیا یەك دوو کەناڵ نەبێـــت کە ئەوانیش بە تۆمارکراوی پەخشـــی دەکەن و ئەگەر شەو یاری خولی ئەوروپییەکان هەبێت، ئەوا بە تۆمارکراویش نایبینیت.

**(محەمەدقـــادر)** یەکێـــك بوو لەو کەســـانەی کە ئـــارەزوو دەکات یانەی هەولێر لە ســـەرجەم یارییەکان ســـەرکەوێ و جامەکان بەرز بکاتەوە، بەڵام تاکو ئێســـتا یاریگای شەهید فەرەنسۆی نەبینیوە هاندەری یانەی هەولێرم و ئارەزوو دەکەم لەهەموو یارییەکدا بیباتەوە، بەڵام خۆشـــم تاکو ئێستا هیچ یارییەکی یانەی هەولێرم بەتەواوی نەبینیـــوە و ســـەردانی یاریگاکـــەم نەکردووە. هۆکاری نەچوونـــی بۆیاریگای یانەی هەولێر **(محەمەد)**پێیوابـــوو یاریگاکە زۆر خۆش نییە و یاریکردنـــی یاریزانەکان لەو ئاســـتەدا نییە و وتی بەراســـتی یانەیەکی گەورەی وەکو یانەی هەولێر تاکو ئێســـتا یاریگاکەی وەکو پێویســـت نییـــە و هاوشـــێوەی یاریـــگا عەرەبیەکانیش نییـــە، یاریزانەکانی لەو ئاســـتەدانین و کاتی یاریکردنەکەش زۆر ناخۆشە، چونکە یاریکردنەکە بەرۆژە و لەلای ئێمە تائێستا بیریان نەکردۆتەوە یارییـــەکان بکەن بەشـــەو، کەچـــی لەزۆربەی شوێنەکانی دنیا یاریکردن بەشەوە.

کاپتنی پێشـــووی یانەی هەولێر و یاریدەدەری راهێنەری تازە پێگەیشتوانی یانەی هەولێر **(کەیفی عەبدولرەحمان)** پێیوابوو لەکوردســـتاندا پلەکانی یەکەم و دەیەم هیـــچ جیاوازییەکی نییە و وتی لەخولـــی کوردســـتاندا یەکەم بیت یـــان دەیەم جیـــا و ا ز ی نییە، چونکە یەکەمەکە بەشداری هیچ خولێکـــی دەرەوە ناکات و بەپێچەوانەی خولی عێراقی، کە بەژداری لەخولی ئاســـیا و دەرەوە دەکات و تەنانەت یانەکانی کوردســـتانیش زیاتر گرنگی بەم خولە دەدەن و باشتر خۆیان بۆئامادە دەکەن. ئەو یاریزانە پێیوابوو خولی کوردستان پارێزگایەکی کەم بەژداری تیادا دەکەن و تەنانەت باشـــترین یاریزانی خولەکەش بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی عێـــراق ناکرێت خولی کوردســـتان (٤)پارێزگا لەخۆ دەگرێـــت، بەڵام خولـــی عێراقی (١٨) پارێزگا لەخولەکە بەژدارن و خەڵکێکی زیاتریش گرنگـــی پێدەدەن، تەنانەت باشـــترین یاریزانی خولی کوردســـتانیش بانگهێشـــتی پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق ناکرێت. **(گۆران ناسـیح)** یاریزانی لاوانی یانەی هندرێن پێیوابوو نەبوونی شـــوێنی هاندەر لەیاریگاکانـــدا بۆتە هۆکارێك بۆ نەبوونـــی هاندەر و وتی نەبوونی شـــوێنی هانـــدەر لەیاریگاکاندا وایکـــردووە کەوا هاندەر لەیاریگاکاندا ئامادەنەبن و زۆربەی یاریگاکان شوێنی هاندەریان دروست نەکردووە، خۆم لەیاری نێوان یانەی برایەتی و یانەی زاخۆ لەخولی پلە یەکەکانی کوردســـتاندا ئامادەبووم، هاندەرێکی زۆر ئامادەبـــوون لە یاریگادا بۆســـەیرکردنی یاریەکـــە، بەڵام لەبەر نەبوونی شـــوێنی هاندەر لەیاریگاکـــەدا، وایکردبوو خەڵکەکە زۆر بێزاربن و تـــام و چێـــژی زۆر لەیاریەکـــە وەرنەگرن و تەنانەت پێش کۆتایی هاتنی یارییەکە هەندێك لەهاندەرەکان یاریگایان جێهێشت.

پارســـاڵ لەیەکێك لەکەناڵەکانـــی راگەیاندن، کورتـــەی یارییەکی پەخشـــکرد لەنێوان یانەی شێروانەو یانەیەکی تری کوردستان بوو، یاریەکە لەیاریگای یانەی شـــێروانە بـــوو، هاندەرێکی یەکجار زۆر هاتبـــوون یارمەتی یانەکەیان دەدا و بەشێوەیەك هاندەرانی یانەی شێروانە یاریگایان داپۆشـــیبوو، بەڵام ئەوەی سەیرە یانەیەك ئەو هەمووە هاندەرەی هەبێت و لەیارییەکـــەش تووشـــی شکســـت هـــات و یانەکەش لەخولی نایاب دابەزیە خولی پلە یەکەکانی کوردســـتان و هەموو هاندەرەکانی تووشی بێهیوابوون کرد.



## فایزە فەرج ڕاهێنەری یانەی نەورۆز:

# کچەکان لە وەرزشکردن سستن

**فایزە فەرج یەکێك بوو لە وەرزشوانە دێرینەکانی شاری سلێمانی و ساڵانێکی زۆر خزمەتی وەرزشی ئەمشارەی کردووە، دوای ئەوەی وازی لە یاریکردن هێنا ڕووی کردە بواری ڕاهێنەرایەتی و بووە ڕاهێنەری یانەی نەورۆز بۆ پایسکیل سواری و هەروەها ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراقە لە یارییە سیانییەکان، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

*** بۆچی یاری سیانییەکان لە کوردستان زۆر باو نییە؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە یارییەکە تازە هاتووتە کوردستان و وەرزشوانەکان زۆر ئاشنای ئەم یارییە نینە، بۆیە یاریزان زۆر بە کەمی ڕوو لەم یارییە دەکات، پێشبینی دەکرێت لەساڵانی داهاتوو ئاستی ئەم یارییە پێشبکەوێت.

*** بۆچی کچ بە کەمی ڕوو لە وەرزش دەکات لە کوردستان؟**

- ئەمە چەندین هۆ دەگرێتەوە، گرنگترین هۆ بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە کە دایك و باوك ڕێگە لە کچەکانیان دەگرن بۆ ئەوەی وەرزش نەکەن و هەروەها نەبوونی شوێنی گونجاو وەکو هۆڵ و یاریگا و نەبوونی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی و هەروەها یاریزانە کچەکان خۆیان سستن لە وەرزش کردن ئەمانە هۆکاری سەرەکین، کە کچ لە کوردستان بە کەمی ڕوو لە وەرزش دەکات.

*** ئایا پاڵپشتی ماددی تا چەند ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەپێشخستنی وەرزشی ئافرەتان؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت پاڵپشتی ماددی ڕۆڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی وەرزشی ئافرەتان پێش بکەوێت، چونکە ئەگەر ماددە نەبێت، ئەوە ناتوانین ئاستی ئافرەتەکان پێش بخەین.

*** تا چەند یانەکان پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان دەکەن؟**

- ئەگەر باسی یانەی نەورۆز بکەین، ئەوە زۆر پاڵپشتی وەرزشی ئافرەتان دەکەن و هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکەن و بەشداری لە پاڵەوانەتییەکانی دەرەوە و ناوەی عێراق دەکەن، بەڵام بەگشتی یانەکان لە کوردستان وەکو پێویست هانی ئافرەت نادەن بۆ ئەوەی بێنە نێو وەرزش و هیچ پێداویستییەکان بۆ دابین ناکەن.



*** ئایا ڕۆڵی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان چییە؟**

- بەشێك لە نزمبوونی ئاستی وەرزشی کچان لەکوردستان لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لێی بەرپرسیارە، بۆنموونە یاری سیانییەکان یەکێکە لە یارییە هەرە مەترسییەکان بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، چونکە سێ یاری لەخۆ دەگرێت، کەچی هیچ شتێکیان بۆ دابین نەکردووە، بۆیە دەبێت لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ڕۆڵی زیاتر و چالاکتر بێت بۆ ئەوەی ئاستی ئافرەتان لە کوردستان پێشبکەوێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیوادارم لەساڵانی داهاتوو ئاستی وەرزشکارانی کچان لەکوردستان زیاتر پێش بکەوێت و گشت پێداویستییەکیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکەین.